# Module(Course Syllabus)Catalogue

# 2023-2022

| | | |
|---|---|---|
| College/ Institute | پەیمانگەی تەكنیكی خەبات | |
| Department | بەشی كارگێری یاسایی | |
| Module Name | یاسای دادبینی شارستانی | |
| Module Code | CPL302 | |
| Degree | Technical Diploma [/] Bachler [ ]<br>High Diploma [ ] Master [ ] PhD [ ] | |
| Semester | 3 | |
| Qualification | PHD LAW | |
| Scientific Title | Assistant professor | |
| ECTS (Credits) | 6 | |
| Module type | Prerequisite [ ] Core [I] Assist. [ ] | |
| Weekly hours | 4 | |
| Weekly hours (Theory) | ( 2 )hr Class | ( )Total hrs Workload |
| Weekly hours (Practical) | ( 2 )hr Class | ( )Total hrs Workload |
| Number of Weeks | 12 | |
| Lecturer (Theory) | Kawa Yasen Salim | |
| E-Mail& Mobile NO. | Kawa.salim@epu.edu.iq 07504826797 | |
| Lecturer (Practical) | Kawa Yasen Salim | |
| E-Mail & Mobile NO. | Kawa.salim@epu.edu.iq 07504826797 | |
| Websites | https://epu.edu.iq/ | |

# Course Book

| | |
|---|---|
| **Course Description** | گرنگی ئەم بابەتە بریتیە لە شارەزابوون لە دادگا و لە مسۆگەر کردنی پارزگاری یاسایی بۆ خەلکی بەبێ جیاوازی, وە ئەم ئامانجە پێویستی بە ئامرازێك هەیە کە بە هۆیەوە دادوەر بتوانێت رۆلی خۆی ببینێت لە دابینکردنی داد پەروەری و گێرانەوەی ماف بۆ خاوەنەکەی هەتاوەکو خەڵکی هەست بە ئاسایش و سەقامگیری بکەن, وەئەو ئامرازەی بەدەست دادوەرەوەیە بۆ جیبەجی کردنی ئەم ئامانجە بریتیە لەو رێسایانەی کە لە یاسای دادبینی شارستانی عیراقی ژمارە (83) بۆ سالی 1969 هاتووە, چونکە ئەم رێسایانە رێکارەکانی دادگایی کردن لەبەردەم دادگا رێك دەخەن لو دەستپیکی پیشکەشکردنی عەریزەی داوا وە ئەو مەرجانەی کە پیویستە تیایدا هەبیت, وە لەبەردەم کام دادگا پیشکەش دەکرێت, وە ژ کاتێك کەسەکان بە هاودژ دادەنرین هاتوەکو بتوانری داوایان لە دژ پیشکەش بکریت, وە چەند ئە نجامدانی دادبینی و دەرچوونی حوکم لە داواکە و ریگاکانی تانەگرتن لەو حوکمە.<br>کەواتە کاری یاسایی دادبینی شارستانی بریتیە لەو دیاریکردنی چۆنیتی گەیاندنی ئەو مافەی کە کیشەی لەسەرە و بابەتی داواکەیە بۆ خاوەنەکەی، وەلەبەر ئەو رۆلە مەترسیدارەی ئەوا بە ریگەی گەیشتن بەماف و داد دادنریت سەبارەت بە هەریەکە لە دادوەر و پاریزەرو و لایەنەکان, هەربۆیە وا پیویست دەکات کە ئەم کەسانە زانیارییەکی تەواو و فراوان و قولیان هەبیت بەم یاسایە. |
| **Course objectives** | • بنەما و ئامانجەکانی یاسای مرافعات<br>• یەکەم :ئاسانکاری رۆتین و شکلیە لە کاری دادگەری:<br>• رۆتین لە کاری دادگەری شتێکی تازە نییە، بەڵکو کۆنە لەگەل کۆنایەتی کاری دادگەری، بۆ نموونە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆئیجرائاتی دادگەری لە یاسای رۆمانی ئەوە دەبینین کە مەراسیم و رموزو شکلیات خۆی زاڵ کردبووە سەر بونی ماف و داواکردنی بەرامبەر بە دادگا. وە دەرەنجامی ئەو شکلیاتە ئەوە بوو کە هەر خراپ جولانەوەیەك یان جوان بەکارنەهێنانی وشەکانی داوا وای دەکرد کە خاوەن ماف مافەکەی لە دەست بدات.<br>• کارکردن بۆ بەدیهێنانی دادگایەکی داد بە پەلە :<br>• ئامانجی سەرەکی دادگا ئەوەیە کە دڵنیایی پارێزگاری یاسای بۆ خەلکی فەراهەم بکات بەبێ جیاوازی لە نێوانیاندا، وە تەنها دەرچونی حوکمێکی داد پەروەرانە بەس نییە بەڵکو پێویستە ئەو حوکمە سەریع وبە پەلە بێت وە بە کولفە و خەرجییەکی کەم لەسەر خەلکی رابوەستێت.<br>• بەخشینی دادوەر رۆلێکی باش و پۆزەتیڤ لە کاری دادگەری : |

| | |
|---|---|
| | • دادوەر ئەو کەسەیە کە دەوڵەت کاری جێبەجێکردنی یاسای مەوزوعی و ئیجرائی پێ سپاردووە لەو داوایانەی کەدێنە پێشی، هەر بۆیە پێویست بەوە دەکات کەیاسادانەر ڕۆڵێکی گرنگ و زۆر بداتە دادوەر بۆ ئەوەی بگاتە حوکمێکی ڕاست و دروست و داد پەروەر. |
| **Student's obligation** | پابەند بوونی قوتابی بەئامادەبوون و بەشداری کردن لە بابەتی محازەرە و ئه نجامدانی کویز هەروەها پێشکەش کردنی سیمینارو و ڕاپۆرت پەیپەر شەرح کردنی بابەتی محازرە و خۆ ئامادوکردن بۆ تاقیکردنەوەکان.<br>یاخود بە ڕێگای ئۆن لاین ، چالاکیەکانی پێشکەش دەکات و وانەکانی وەردەگرێت. |
| **Required Learning Materials** | 24% Mid Term (Theory and practical)<br>8% Quiz<br>28% Assignment (report, paper, homework, seminar..)<br>40% final theory |

**Evaluation**

| Task | | Weight (Marks) | Due Week | Relevant Learning Outcome |
|---|---|---|---|---|
| Paper Review | | | | |
| Assignments | Homework | 10 | 2 | %10 |
| | Class Activity | 2 | 3 | %2 |
| | Report | 8 | 4 | %8 |
| | Seminar | 8 | 5 | %8 |
| | Essay | | | |
| | Project | | | |
| Quiz | | 8 | 8 | %8 |
| Lab. | | | | |
| Midterm Exam | | 24 | 10 | %24 |
| Final Exam | | 40 | 11 | %40 |
| Total | | 100 | | %100 |

| | |
|---|---|
| **Specific learning outcome:** | 1 ئاما نجی تایبەتی بابەت<br>• شیکردنەوەی بابەتەکان بەشیوەیەك بی کە بگونجی لەگەل پرۆگرامی ئەو بەشەی کە یاسایی دادبینی دەخوێندریت, وە هەولداوە کورت و پوخت بیت وبشیت بۆ خوێندن وەکو پەرتووکی مەنهەجی.<br>• دابەشکردن وباسکردنی بابەتەکان بەشیوەیەك کە بگونجیت و ببیتە سەرچاوەیەك بۆ ئەوکەسانەی لەم بوارە کارکردن لە دادوەران . |

| | |
|---|---|
| | - دەولەمەندکردنی ئەو بابەتانەی کە لە یاسای دادبینی شارستانی هاتووە بە بڕیارەکانی دادگای پیداچونەوەی هەریمی کوردستان و دادگای پیداچونەوەی عیراقی هەتاکو پردیك دروست بیت لە نیوان دەقە یاسا نووسراوە و تویرییەکان وە لایەنی پراکتیکی و کردارییدا.- |
| Course References: | 1- علي بركات، الوسيط في شرح قانون المرافعات المدنية، دار النهضة العربية، 2016.<br>2- الدكتور ادم وهيب النداوي، المرافعات المدنية، جامعة بغداد كلية القانون.<br>3- أ.د. أحمد هندي ، قانون المرافعات المدنية والتجارية، دار الجامعة الجديدة، 2010، الإسكندرية.<br>4- ضياء شيت خطاب، الوجيز في شرح قانون المرافعات المدنية، مطبعة العاني، بغداد، 1973. |

| Course topics (Theory) | Week | Learning Outcome |
|---|---|---|
| بەخێرهاتن و شیکردنەوەی مفرەداتی بابەتەك بو قوتابیان ، پێناسەو سروشتی یاسایی دادبینی شارستانی، بنەماو ئاما نجەکانی یاسای داد بینی شارستانی | یەکەم | |
| دابەشکاریەتی دادگەری تایبە تمەندی دادگاکان | دووەم | |
| پێناسەی داوا و جۆرەکانی – مەرجەکانی | سییەم | |
| دابەش کردنی داوا | چوارەم | |
| ریکاری دادگەری–عەریزەی داوا | پینجەم | |
| ئاسەواری بەرزکردنەوەی داوا | شەشەم | |
| ناوەرۆکی وەرقەی تەبلیغ | حەوتەم | |
| ریکارەکانی تبلیغی دادگایی– پوچەڵ بوون وەرقەی تەبلیغ | هەشتەم | |
| الوکالە بالخصومە - جۆرەکانی | نۆیەم | |
| گۆیگرتن لە داوا | دەیەم | |

| | | |
|---|---|---|
| داكۆكی | یازده | |
| داوای نۆیٚ- پیٚناسه و مەرج و جۆرەكان و حوكمی داوای نۆیٚ - | دوازده | |
| | | |
| **Practical Topics** | **Week** | **Learning Outcome** |
| دیاری كردنی تاییه تمەندیەكانی دادگاكان | | |
| تاییه تمەندیەكانی دادگاكانی پله یەك | | |
| تاییه تمەندیەكانی دادگاكانی پله دوو و دادگای پیداچوونەوە | | |
| كلیشەی داوا | | |
| ریكارەكانی ئامادەكردنی داوا بۆ مرافعه | | |
| كلیشەی تەبلیغات | | |
| گەشتی زانستی بۆ دادگاكان | | |
| پیٚداویستەیكانی بابەتی و ڕوكەشی له پیٚشكەش كردنی داوی دادگایی | | |
| ریكارەكانی دادگای كردن و گۆی گرتن له لایەنەكانی داوا له لایەن دادوەر | | |
| گەشتی زانستی بۆ پەرلەمان | | |
| سەردانی بەریوەبەرایەتی دادنووسی سەبارەت به بابەتی بریكارنامه | | |

## Questions Example Design

پ1/ پیَناسەی ئەمانەی خوارەوە بكه : (20 نمره)

حوكمی دادگایی 2- حوكمی جی بەجیٚ كردنی به پەله 3- پەراوی تەبلیغ كردن 4- داوا 5- یاسای دادبینی شارستانی

پ2/ وەلاَمی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە : (10 نمره)

أ- مەبەست چی یە؟ لە دابەشکاریتی دادگەری, سوودەکانی وخرا پیکانی دیاری بکە.

ب- ئاسەواری بەرزکردنەوەی داوا دیاری بکە. (10 نمرە)

پ3/ وەڵامی هەردوو لق بدەرەوە:

لقی یەکەم: ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پر بکەرەوە (10 نمرە)

1- داوای گێرانەوەی بندەستە بەرزدەکریتەوە بەرامبەر دادگای بەرایی لە ماوەی .............................. .

2- تانە گرتن بەرزدەکریتەوە دژی .............................. داوا.

3- مەرجەکانی داکۆکی پیك دێت لە ..................., ...................., .........................

لقی دووەم: دادگا پلە یەکەکان لە هەرێمی کوردستانی عیراق چییە؟ (10 نمرە)

پ4/ وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە:

أ- بەرژەوەندی یەکیکە لە مەرجەکانی داوا, مەرجەکانی بەرژەوەندی چی یە؟ بیان ژمیرە لەگەل روونکردنەوە بەهینانی نموونە. (10 نمرە)

ب- جیوازی نیوان : التدخل الاختياري الانضمامی: (هاتنە ناوەوەی ئارەزومەندانەی چوونە پاڵ) و التدخل الاختياري الاختصامی: (هاتنە ناوەوەی ئارەزوومەندانی هاودژی) بکە. (10 نمرە)

پ5/ ماددەی (44) لە یاسای مرافعاتی مەدەنی دەڵێ: ((كل دعوى يجب ان تقام بعريضة))، واتە پێویستە هەموو داوایەك بە عەریزە بەرز بکرێتەوە، وئەم عەریزەیە پێویستە کۆمەڵێ بەیاناتی تێدابێ کە ماددەی (46) ئاماژەی پێ کردووە، وئەم بەیاناتە دیاری بکە لە ریگەی نوسینی عەریزەیەکی داوا، لەسەر بابەتیکی تایبە تمەندار ، و دیاری کردنی هەردوو ناوی (مخلص علی حسن) و (شعبان سالار محمد) هەردوو لایەنی داوان. (20 نمرە)

وەڵامی نموونەی :

وەلامی پرسیاری یەکەم: (20 نمرە)

- حوکمی قضائي: بریتیە لە بڕیارێکی کۆتایی کە دادگا دەری دەکات بە پێی رێساکانی یاسای مرافعات وبە هۆیەوە ئەو کێشەیەی کە بەرزکراوەتەوە بۆ بەرامبەر دادگا یەکلایی دەکرێتەوە.

- حوکمی نفازی معجەل: ئەو حوکمەیە کە دەکرێ جێ بەجێ بکرێ پێش ئەوەی پلەی بەتات وەربگرێ. وحوکمیش پلەی بەتات وەردەگرێ لە دوو حاڵەت: بە کۆتایی هاتنی ماوەی تانەگرتن، وبە تەصدیق ودوپاتکردنەوەی دادگا بۆ حوکمەکە

- کۆتایی هاتنی دانیشتنەکانی دادگا: ئەو کاتەیە کە دادگا پاش بەدواداچون و گویگرتن لە هەردوو لای داوا پاشان حوکم دەردەکات لە هەمان رۆژ یان لە رۆژێکی تر کە نابێ لە (15) رۆژ زیاتر بێ لە مێژووی زانینی لایەنەکان بە کۆتایی هاتنی مرافعە، وە ئەمەش لەو کاتە دەبێ کە لایەنەکان و شاهێدەکان قسەکانیان کۆتایی دێ وهەموو بەڵگەکانیان پێشکەش دەکەن

ودادگا له لایەنەکان دەپرسێ ئایە قسەی تریان ماوە؟ ئەگەر وەڵامیان دایەوە بە نەرێ ( نەفی ) ئەوە دادگا بریار دەدات بە کۆتایی هاتنی مرافعه بە مەرجێك داوالێکراو کۆتا لایەن بێ کە قسە بکات.

- وەرەقەی تەبلیغ: ئەو وەرەقەیەیە کە لە لایەن دادگاوە دەردەچێت بە دوو نسخە یان زیاتر یەکێکیان دەدرێت بەو کەسەی کە تەبلیغ دەکرێت وە ئەوەی تریان دەگەرێتەوە بۆ دادگا بۆ ئەوەی بپارێزرێت لە ئیزبارەی دعوى لە پاش تبلیغ کردن.

- دەکرێت پێناسەی یاسای دادبینی شارستانی ( قانون المرافعات المدنيه ) بکرێت بەوەی کە بریتییە لە کۆمەڵێك رێسای یاسایی کە رێکخستنی دادوەری لە ولآت دیاری دەکات، هەروەها هەڵدەستێت بە دەستنیشان کردنی رێکارەکانی دادگایی کردن بەرامبەر بە دادگا شارستانییەکان، وە سزاش دانراوە بۆ سەرپێچیکەران کە ئەمەش گرێنتییەکە بۆ رێزگرتن لەم یاسایە.

وەڵامی پرسیاری دووەم

لقی یەکەم:

* وەلآم: بە مانای ریزبەندی و تەدەروج کردن لە دادگاکانی ولآت دێت وە بلآوبوونەوەیان بە شێوەیەکی ئاسۆی ( أفوقی ) لە یەکە کارگێرییەکاندا، هەروەها ریزبەندی لەو حوکم و بریارانەی کە لە دادگاکان دەردەچن بە شێوەیەکی ستونی ( عەمەودی )، ئەمەش بەو واتایە دێت کە داوا یەکە مجار بەرزدەکرێتەوە بۆ دادگای پلە یەك پاشان حوکمدراو دەتوانێت تانە ( گعن ) بگرێت و داواکەی بەرزکاتەوە بۆ دادگای پلە دوو ( دادگای استئناف )، وە هەندێ جار دەتوانێت تانە بگرێت لەو حوکمە لە بەرامبەر دادگای تەمیز.

* / 1- لەوانەیە دادگای پلە یەك هەڵە بکات لەو حوکمەی کە دەریکردووە بۆیە پێویست دەکات دادگایەکی بەرزتر تەماشای بکاتەوە وە ئەو هەڵەیە چاك بکاتەوە کە لە حوکمەکەدا هەیە.

* 2- ئەو دادگایەی کە حوکم دەردەکات دەزانێ کە حوکمەکەی تەماشا دەکرێتەوە لەلایەن دادگایەکی بەرزتر ئەوا هەوڵدەدات داد پەروەر و وردبین بێت.

* پ/خرا پەکانی ریزبەندی دادوەری چییە؟

* / ئەم بنەمایە وادەکات کە یەکێ لە لایەنەکانی دەعوا هەوڵی درەنگخستنی وتاخیر کردنی داواکە بکات. ( 10 نمره )

لقی دووەم: ئاسەواری بەرزکردنەوەی داوا

* 1- قیام حاله النزاع: دەست پێکردنی حاڵەتی ناکۆکی: ( 10 نمره )

* گرنگترین ئاسەواری بەرزکردنەوەی دەعوا ئەوەیە کە ناکۆکی لە رووی یاساییەوە لە بەرامبەر دادگا دەست پێدەکات و دادوەر مولزەم و ناچاردەبێت بە تەمەشاکردنی دەعواکە هەتا دەگاتە دەرچونی حوکم. وە بە پێچەوانەوە دادوەر تۆمەتبار دەکرێت بە تاوانی انكار العداله.

* 2- قطع التقادم: پچرانی تقادم:

* ئیقامەی دەعوا لە بەرامبەر دادگا تقادم دەپچڕێنێ کە وادەکات گوێ لە دەعوا نەگیرێ، وە ئەمەش ماددەی ( 437 ) ی یاسای مەدەنی عیراقی ئاماژەی پێکردووە.

* 3- سریان الفوائد القانونیە :

* ماددەی ( 171 ) لە یاسای مرافعاتی عیراقی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر هاتو بابەتی کێشەکە مەبلەغێك پارە بوو وە دیاریکراو بوو وە مەدین دواکەوت لە دانەوەی ئەوە ناچارە کە دەبێ بە دائن فوائدی یاسایی بدات لە بری ئەم دواکەوتنە کە بەهاکەی 4٪ لە بابەتی مەدەنی وە 5٪ لە بابەتی بازرگانی، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرە ئەوەیە کە ئەم فوائدە دەست پێ دەکات تەنها لە کاتی بەرزکردنەوەی دەعوا بەمەرجێك ئەگەر رێکەوتنی نێوانیان یاخود عورفی بازرگانی کاتێکی تری دیاری نە کردبوو.

**وەڵامی پرسیاری سێیەم :**

**لقی یەکەم :** ( 10 نمرە )

1- یەك ساڵ

2- براوەی داوا

3- ئەهلیە – سیفە – خصومە

**لقی دووەم :** ( 10 نمرە )

1- محکمە البدائە : دادگای بەرایی

2- محکمە الاحوال الشخصیە : المحکمە الشرعیە، دادگای باری کەسایەتی

3- محکمە العمل : دادگای کار

4- محکمە المواد الشخصیە : دادگای ماددەکانی کەسایەتی

5- القچاو الاداری : دادگای کارگێری

**وەڵامی پرسیاری چوارەم :**

**لقی یەکەم :**

* واتە ئەو کەسەی کە داوا بەرز دەکاتەوە ( داواکار ) پێویستە بەرژەوەندییەکی هەبێ، وە ئەم بەرژەوەندیە بریتی یە لەو سوود و قازا نجە کرداریە کە یاسا إقراری دەکات و دەیپارێزێت، وە بە پێچەوانەوە هەر داوایەك مصلحەی تێدا نەبوو ئەوا دادوەر رەتی دەکاتەوە و سەیری ناکات.

* **وە ماددەی ( 6 ) لە قانون مرافعاتی مدنی عیراقی کۆمەڵێ مەرج و خصائصی داناوە کە دەبێ لە ناو ئەو مصلحەیە هەبێ لەوانەش:**

1- **ان تكون المصلحه معلومه** ( **10 نمره** )
2- **ان تكون المصلحه حاله**
3- **ان تكون المصلحه ممكنه**
4- **ان تكون المصلحه محققه**

**لقی دووەم:** ( **10 نمره** )

التدخل الاختياري الانضمامي: **هاتنە ناوەوەی ئارەزومەندانەی چوونە پاڵ)**

* **بریتیە لە تدخل کردنی کەسێك لە داوایەك بۆ بەرژەوەندی یەکێ لە لایەنەکانی داوا وە داکۆکی کردن لەمافەکانی، بەلاَم ئەم کەسە لە راستیدا بەرژەوەندی خۆی هەیە لەم تدخلە، بۆ نموونە/ تدخل کردنی دائن لە داوای مدینەکەی بە مەبەستی داکۆکی کردن لە مافەکانی.**

  * 1- **کەسی متدخل بۆی بۆی نیە ئەنجامی کردارێك یاخود ئیجرائاتێك بکات کە دژی بێ وە نەگونجێ لەگەڵ ئەوەی کە لایەنێکە لە دعوی، بۆ نموونە/ بۆی نیە شایەدی بدات لەم دعوایە.**
  * 2- **کەسی متدخل بۆی نیە تانە بگرێ لەو حوکمەی کە دەرچووە بە رێگەی اعتراض الغیر، بەڵکو دەتوانێ بە رێگاکانی تر تانە بگرێ، چونکە خۆی تەرەفێکە لەداوا.**

* 1- **چ حوکمێك دەربچێ بەرامبەر لایەنی ئەصلی ئەوا کەسی متدخلیش دەگرێتەوە چونکە پاشکۆی لایەنە ئەصلیەکە.**
* 2- **بۆ کەسی متدخل نیە مەوقفێك بنوێنێ کە دژبێ لەگەڵ مەوقفی لایەنە ئەصلیەکەی کە چۆتە پشتیەوە.**
* 3-**ئەگەر داواکە پوچەڵ کرایەوە یان رەد کرایەوە ئەوا حوکمەکە کسی متدخلیش دەگرێتەوە بە پاشکۆیی.**

* **واتە کەسی سێیەم داوا بەرز دەکاتەوە دژی هەموو لایەنە ئەصلیەکانی دعواکە نەوەك لە بەرژەوەندی لایەنێك وە داوای هەمان ماف دەکات لە داوا ئەصلیەکە یان مافێکی تر کە پەیوەندی پێ هەیە، نموونە لەسەر حالەتی یەکەم/ کێشەیەك هەیە لە نێوان ( أ ـ ب ) دەربارەی مولکیەتی خانویەك وە ( ج ) تدخل دەکات لە دژی ( أ ـ ب ) داوای مولکیەتی خانوەکە دەکات بۆ خۆی، وە نموونە بۆ حاڵەتی دووەم ( ج ) تدخل دەکات لە داوایەك کە بەرزکراوەتەوە لە نێوان ( أ ـ ب ) وە داوای قەرەبوو کردنەوە دەکات لێیان بە هۆی ئەو زەرەرەی کە لێی کەوتووە بە هۆی قسەکانیان یان وتەکانیان کە وەکو تەشهیرێك بووە بۆ ( ج ).**

وە ئەم تدخلە بە ئیزنی دادگا دەبێت، وە لایەنەکانی داوا ئەصلیەکە دەتوانن اعتراچ بگرن لەسەر ئەم تدخلە لە بەرامبەر هەمان دادگا، وە ئەگەر دادگا رازی بوو لەسەر تدخلەکە ئەوا کەسی سێیەم دەبێتە لایەنێك لە داوایەکە.

* 1- دەبێ تدخلەکە بکرێت لەسەر هەمان مافی داوا ئەصلیەکە یان مافێکی تر کە پەیوەندی پێوە هەیە.

* 2- نابێ کەسی متدخل یەکێك بێت لە لایەنەکانی داوایەکە یان خەلەفی خاص یا عامی یەکێك لە لایەنەکان بێت.

* 3- نابێ مەبەست لە تدخل کردن تەنها بەسەربردنی کات و دواخستنی یەکلایکردنەوەی داوایەکە بێت.

* 4- دەبێت تدخلەکە لە دژی هەر دوو لایەنی داوایەکە بێت نەوەك یەك لایەن.

وەڵامی پرسیاری پێنجەم: (20 نمره)

* 1- اسم المحكمه التی تقام امامها الدعوی (ناوی ئەو دادگایەی کە دەعواکەی لە بەرامبەر بەرز دەکرێتەوە)

2- تاريخ عريضة الدعوى: ريكەوت

* 3- ذكر اسم كل من المدعي والمدعي عليه وتاريخ ولادتهما وشهرتهما وصنعتهما ومحل اقامتهما، واذا كان المدعي عليه اجنبياً ذكر جنسيته مع بيان هل ان الدعوى اقيمت عليه اصالةً ام كونه ممثلاً لشخص اخر. ناوي و ناونيشاني داواكار و داواليكراو .

* 4- بيان المحل الذى يختاره المدعى لغرچ التبليغ.

* 5- دیاری کردنی بابەتی داوا


* 6- وقائع الدعوى وأدلتها وطلبات المدعي واسانيدها: شێوازی داوا و بەڵگەکان .

* واتە باسکردنی ئەو وقائعە یاساییانە و ڕووداوە ماددیانەی کە دەبنە هۆی بەرز کردنەوەی دەعواکە، هەروەها تەقدیم کردنی ئەو بەڵگانەی کە یاسا اعترافی پێ دەکات، هەروەها دیاریکردنی ئەو سەرچاوە یاساییەی کە داواکار پشتی پێ دەبەستێ وەکو عقد یان اراده المنفرده یان فعل الچار یان الا پراو بلا سبب یان القانون.

* 7- توقيع المدعي او وكيله واذا كان لا يعرف الكتابة فيوقع بطبعة ابهامه فقط.واژووی داوکار یان بریکار ، یاخود پە نجەمۆریز

**Extra notes:**

## External Evaluator



بابەت / یاسای دادبینی ...

- ناونیشانی مۆدیل و دیاری کردنی کریدیت وکات وانەکەی دیاری کراوە.

- گرنگی وئامانجی بابەتەکەی ئاماژەی پێکراوە وە یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکانی یاسا.

- دیاری کردنی نمرەی ئەو سیستەمەکان ئاماژەی پێ کراوە.

- دەرئەنجامی فێربوون و ئەرکەکانی قوتابی ئاماژەی پێکراوە.

- بابەتەکە لەسەر ماوەی سمستەرەکە بە باشی دابەش کراوە.

- لە کۆتاییشدا چەند پرسیارێکی نموونەی لە بابەتەکەی لەگەڵ وەڵامەکانی دیاریکراودووە

بۆیە پەسندم کرد

د. امیرە جعفر شریف